شاسوار عەبدولواحید: نزیکەی 30 هەزار کەس لە هەزە ئەمنییەکان دەنگیان داوە بە نەوەی نوێ

شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ رایگەیاند، لە دەنگدانی تایبەتدا، نزیکەی 30 هەزار کەس لە هەزە ئەمنییەکان دەنگیان داوە بە نەوەی نوێ و ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بە نەوەی نوێ.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەن ئانتی ئاماژەی بەوەشکرد، زۆر سوپاسی هەزە ئەمنییەکان دەکەن کە دەنگیان بە نەوەی نوێ داوە، سەرباری ئەو فشار و هەڕەشانەی کە لەسەریان بووە.

باسی لەوەشکردووە، پێشتر دەنگی دەنگدانی تایبەت 400 هەزار دەنگ بوو ئێستا کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق کەمی کردووەتەوە بە 215 هەزار، نزیکەی 60 هەزار کەسیش دەنگەکانیان سووتاندووە، نزیکەی 20 هەزار کەس نەچووە بە دەنگدان، بەوپێیەش دەنگەکانی دەسەڵات کەم بووەتەوە بە کەمتر لە نیوە.

کەمک پێش ئێستا، بنکەکانی دەنگدانی تایبەت بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە تەواوی هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراق داخرا.

دوای تەواوبوونی دەنگدان، تەڵی هاوپێیمانی چاودێرانی سەربەخۆ ڕایگەیاند، کە باوترین

پشڵکارییەکان لە دەنگدانی تایبەتی ئەمڕۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، "هەوەدان بە چەند جارێک دەنگدان و دەنگدان لە جیاتی کەسانی تر و لەکارخستنی کامەراکان بووە کە کەمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بە چاودێریکردنی پرۆسەی دەنگدان دایناوە".

تەڵەی هاوپێمانی چاودێرانی سەربەخۆ رایگەیاندووە، زەربەی ئەو پشڵکاریانە لە دەنگدانی تایبەت تەمارکراوە، لە هەولێر و دهۆک تەمارکراوە و زەرترین ڕووداوی پشڵکاری پارێزگای دهۆک تەمار کراوە هاوپێمانەتییەکە 159 چاودێری لە 153 بنکەی دەنگدان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەاوکردبووە بە چاودێریی دەنگدان.